وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی ئەم مانگەدا سەردانی بەغداد دەکات

ئەحمەد سەحاف، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، کە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی ئەم مانگەدا سەردانی بەغدای پایتەخت دەکات.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: جەگری سەرك وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، پێشوازیان کرد لە ڕاوێژکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە سەرکایەتی کەماری فەرەنسا،

پاتریک دورێل.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە دیدیارکەدا پێداچوونەوە بە پێشکەوتنی پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان بەغداد و پاریس و ڕێگاکانی فراوانکردنیان کرا بە زیادکردنی قەبارەی هاریکاری لە هەموو بوارەکاندا بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە هەمەلایەنەی کە لە نێوان هەردوو وڵات لە هەموو بوارەکاندا واژە کراوە بەتایبەتی لە بواری وەبەرهێنان، ئابووری، وزە و ژینگە.

ڕونیشیکردەوە: لەدیدارەکەدا هەردوولا تاوتوێی سەردانە هاوبەشەکانی نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵاتیان کرد، دیارترینیان سەردانی چاوەڕوانکراوی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا بە بەغداد بوو، هەروەها سەردانی چاوەڕوانکراوی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە بەغداد لە کۆتایی ئەم مانگەدا.